شاندەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەچێتەوە بۆغدا

شاندەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەچێتەوە بۆ بۆغدا، ئەم سەردانەش بۆیەکەم سەردانی ئەو شاندە لە ساڵی 2024 دادەنرێت، وتەبێژی حکومەتی هەرێمیش مەبەستی سەردانەکە بە "بەچارەسەرکردنی کێشە دارایییەکان" دەگەیەنێتەوە.

بەپێی زانیارییەکان، لە سەردانەکەی ئەمڕۆ شاندەکی حکومەتی هەرێم لە کەبوونەوەکانی لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی فیدراڵ، پرسی مووچەی مووچەخۆران و جیاکردنەوەی لە پرسەکانی تر و وابەستەنەکردنی بە هەموارکردنەوەی یاسای بودجەی ساڵی 2024، گفتوگۆیان لەبارەوە دەکات.

پێشتر پێشوا هەورامانی، وتەبێژی حکومەتی هەرێم رایگەیاندبوو، ڕۆژی شەممە شاندەکی حکومەتی هەرێم دەچێتەوە بۆ بۆغدا و هەوە بە چارەسەرکردنی کێشە دارایییەکانی هەرێم دەدات لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ.